# هێرشی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆخۆرهەڵات و کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان و ئێران

م.ی. دڵگەش ئیبراهیم حەمەشیرین[1]

١ بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتن: 12 ئەیلول ٢٠١٩، پەسەندکردن: 22 ئەیلول ٢٠١٩، بڵاوکردنەوە: ٢٥ ئەیلول ٢٠١٩

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ م.ی. دڵگەش ئیبراهیم حەمەشیرین

## پوختە

ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بابەتێكە سەرنجی مێژوو نووسە جیهانیەكانی لە قۆناغە جیاجیاكان بۆ لای خۆی راكێشاوە, چونكە ڕۆژهەڵات بە گشتی و كوردستان و ئێران بە تایبەت ئامانجی شاڵاوەكە بوو. لە ئەنجامی ئەم شاڵاوە چەندین شەر روویداوە هەر لە سەرەتای دەستپێكی شاڵاوەكە وەك شەری گرانیكوس, ئیسۆس, لە ئاسیای بچوك هەروەها شەڕی بەناوبانگی گواگەمێلا كە لە هەندێك سەرچاوە بە (ئەربێلا) ناسراوە. ئەم شەڕە بە شەڕێكی یەكلاكەرەوە دادەندرێت لە نێوان یۆنانیەكان و هەخامەنشەكان, لەسەر خاكی كوردستان روویداوە لە نزیك شاری هەولێر. لەم شەڕەدا بۆ یەكجاری كۆتایی بە دەسەڵاتی هەخامەنشەكان هات كە گەورەترین ئیمپڕاتۆریەتی جیهانی كۆن بوو, ماوەی زیاتر لە دوو سەدە فەرمانڕەوای زۆربەی هەرە زۆری جیهانی كۆنی كرد.

لەم توێژینەوەیە باسمان لەم شاڵاوە كردووە بو سەر خۆرهەڵات بە گشتی و كوردستان و ئێران بە تایبەت,چەندین هۆكار هەبوون, بوونە پاڵنەری ئەم شاڵاوە.هەروەها شوێنی شەڕی گواگەمێلا لەسەر بنەمای تۆمارە مێژوویەكان دیاریمان كردووە. هەروەها ئەو گۆڕانكاریانەی كە لەم ماوەیەدا لە كودستان و ئێران روویانداوە لە ئاكامی ئەم شاڵاوە خستوومانەتەة روو. جگە لەوەی كاریگەری زۆری ئەرێنی و نەرێنی بۆ بە جێهێشتووین لە زۆر لایەن بەرونی رەنگی داوەتەوە لەسەردەمانی دواتر. ئەم كاریگەریانەش لایەنی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئایینی و رۆشنبیری لە خۆدەگرێت, بەووردی لە توێژینەوەكەدا باسمان كردووە. هەروەها لەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەندین سەرچاوەی كوردی, عەرەبی, فارسی, یۆنانی بەستووە بۆ ئەوەی بتوانین كارێكی تەواو زانستی ئەنجام بدەین, بە هیوای ئەوەی ئەم شوێن كارەمان كەلێنێك لە مێژووی كوردستان و ئێران پڕ بكاتەوە لەم قۆناغەدا.

## پێشەکی

جیهانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لەچەند قۆناغێکی چارەنووسسازدا رووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، کاریگەریان بەسەر یەکتردا هەبووە و لە ئاکامدا وەرچەرخانی گەورە، بەسەر شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هاتووە. لە زۆربەی ئەم بەریەککەوتنانەدا، میزۆپۆتامیای سەروو(کوردستان) و ئێران یان لایەنێکی ئەم بەریککەوتنە بوون، یانیش بوونەتە گۆڕەپانی ململانێکان و کاریگەرییەکان تێیاندا دەرکەوتوون.

یەکێك لە گرنگترین ئەم بەریەککەوتنانە قۆناغی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی و سەرهەڵدان و دامەزرانی شارستانییەتی هیللینیستیە، کە کوردستان و ئێران پێگەی سەرەکی بوون، هەم لەبەردەم شاڵاوەکە، هەمیش وەك بنکەی شارستانییەتەکە.

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە دەخوازێ جەخت لەسەر جێکەوتە کولتورییەکانی ئەم هێرشە بکاتەوە، لە میانەی دروستکردنی یەکەیەکی شارستانی لە ئێران و کوردستان، کە رەگەزی هەردوو کولتوری رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی لەخۆ گرتبوو و کاریگەری بەسەر ناسنامەی فەرهەنگی ناوچەکەدا هەبووە.

## تەوەرەی یەکەم: هێرشی ئەسکەندەر بۆ خۆرهەڵات و جێکەوتەکانی:

مێژوونووسان هەر لەسەردەمی هلینستیەوە تاکو ئێستا بەقوڵی باس لەپاڵنەرو هۆکارەکانی هاتنی ئەسکەندەر بۆ خۆرهەڵات دەکەن. هەروەها لێکۆڵینەوەی زۆریان لەبارەیەوە کردووە بۆ شیکردنەوەی ئەم هێرشە و ئاکامە دوور مەوداکانی بەسەر هەریەك لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا.

بەگریمانی زۆر هێرشی ئەسکەندەر بۆ خۆرهەڵات و ئێران بەتایبەت وەك تۆڵە سەندنەوەیەك بوو لە هەخامەنشییەکانکە بەردەوام پلانیان دادەڕشت بۆ وێرانکردنی یۆنان, بەتایبەت وێران کردن وسوتاندنی (ئەکرۆپۆلیس) کەناوەندی ئایینی دەسەڵاتی ئەسینای تیدابوو.[1]·هەروەها هۆکارئەم لەشکرکێشیە, دەگەڕێنەوە بۆ ئەو رق و کینەی کە(لیزی ماخۆس)ی راهێنەری ئەسکەندەر بەرامبەر بەئێرانیەکان هەی بوو, بەردەوام ئەسکەندەری بەرامبەر بە ئێرانیەکان رق ئەستوور تر دەکرد. دوای کوژرانی فلیپ بەئەسکەندەری راگەیاند کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڕۆیتە ئێران و ڕەچەڵەکی ئێرانیان لەناو ببەیت[2].

بێگومان لەپشت ئەم هەڵوێستەدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری ئابوری و سیاسی هەن، کە پەیوەندی ئەم دەوڵەتەی بە هەخامەنشییەکان ئاراستە دەکرد: قەیرانی ئابووری هۆکارێکی تری لەشکرکێشیەکە بوو، کەلە ئەنجامی ململانێ و شەڕوشۆڕە یەك لەدوای یەکەکانی ئەسیناو ئیسپارتە کە زیاترلە(30) ساڵی خایاند[3]. ئەو پشێوییە کۆمەڵایەتیانەی روویان دەدا زیاتر بەهۆی نەبوونی خۆراك بوو چونکەووڵاتی یۆنان گەنمیان لەناوچەی ئەفریقیا و ئاسیای بچوك و میسرو سقلیەو ئۆکرانیا دەهێنا[4]، ئەمە سەرەڕای بڕینی هێڵەکانی بازرگانی و ئازوقە گەیاندن لەلایەن هەخامەنشەکانەوە ئەمەش مەترسی و هە ڕەشەی گەورە بوو بۆ سەر تەواوی گریکەکان[5]. هەروەها زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی بەڕێژەیەکی زۆر بڵاوبوونەوەی بێ کاری ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکەکە بەرەو ناوچەکانی تر بڕۆن و نیشتەجێ بن[6].

(ئیزۆکرات)[7]باس لەوە دەکات، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێ کار بوون[8]. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گەنجەکان ببن بەچەتەی دەریایی و رێگر و بەکرێ گیراوی بێگانە. ئەم بارودۆخە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی گریکی. سیستەمی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك دەکەوێتە ژێرباری مەنزومەیەکی یاسایی یەوە گەر پەیوەندی تاکەکان چ لەنێوان خۆیانداو چ لەنێوانیان لەگەل دەوڵەتدا دادەنریت[9].

---

(1)هارولد لمپ: ئەسکەندەرىمەکدۆنی, و: علی اکبرمجیدی, چ1, سلێمانی 2006, ل٩٥،٩٦.

(2)ماریژان مۆڵە ، ئەوانی تر: مێژووی میســوپۆتامیاو زاگرۆس پێش مادو تا کۆتایی ســاســانیەکان ، و : ئەردەڵان مام وســو دزەیی ، ب.3 ، ل 261،262.

(3)دڵگەش ابراهیم ، ئەسکەندەرىگەورەلەمێژوودا،گۆڤاری k21،ژ: 12،2011.ل 257 .

(4)ارنولد توينبى: تأريخ الحضارة الهلينية، ت: رمزى عبدجرجيس، القاهرة، 1963، 129- 130.

(5)جابر خليل ابراهيم: منطقة الموصل في فترة الاحتلال الاخمينى و السلوقى و الفرثي، مج 1، ص 33.

(6)ارنولد توينبى: م. س، ص 119.

(7)ئیزۆڤرات:یەکێکە لە فەیلە سوفەکانی گریك لە سەدەی چوارەمی پ. ز ژیاوە، بڕوانە مفيد رائف العابد، درا سات في تأريخ الاغريق , جزء2 , حقوق الطبع والنشرمحفوظة دمشق , مطبعة الجديدة , دمشق 1980، ص151.

(8)على عكاشة: شحادة الناظور، جميل بيضون، اليونان و الرومان, دار الأمل للنشر و التوزيع، ط1 اربد 1991، ص 91.

(9)دڵگەش ابراهیم ، س.پ.ل 275 .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەلایەکی ترەوە، ئەو پرۆسەی لەشکرکێشیە لەگەڵ بیروڕای زۆر سیاسەتمەدارو ئایدۆلۆژیستەکان دەهاتەوە کە بۆ گفتووگۆ لەبارەی رێگاچارەی دەرچوون لەبنبەست بوونی ئەوقەیرانە کۆمەڵایەتیەی سیستەمی کۆیلایەتی یۆنان لەسەدەی چوارەمی پ. ز تێی کەوتبوو، دەستگرتن بەسەر وولاتانی رۆژهەڵاتیان بە تەنها رێگاچارە دەزانی، بەتایبەت (سوکرات)ی فەیلەسوف ( 469- 399پ. ز)ی لایەنکری ئەو تیۆرە بووە، گشت دەوڵەتە شارە بچوکەکانی یۆنانی بانگێشت کرد لە پێناو لەشکرکێشی هاوبەش بۆ خاکی تازە یەکبگرن. هەروەها پێی وابوو یۆنانی هەژار کە هۆکاری سەرەکی هەڵگەڕانەوەو شۆرش بوون لە نیشتمان،هەرەشەیان لە ئارامی گریکی دەکرد، پێویستە لەو ناوچانە جێی خۆیان بکەنەوە. (ئەرستۆ) ش لە 384- 322 پ. ز،پشتگیری ئەو بۆچونەی کردوو بڕوای وابوو چارەنووسی سروشتی بەربەرەکانی رۆژهەلات جگە لە بەندایەتی هلینیەکان هیچیتر نیە[10].

## دەستپێکی شاڵاوەکە:

ئەسکەندەر لەساڵی(334)پ. ز دەستی بە هێرشەکانی کرد[11]. ئەوکات هەخامنشیەکان لەئاسیای بچوك بەسەرکردایەتی دارای سێیەم سەربازەکانی خۆیان کۆکردەوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەسکەندەر ئەوەبوو هەردوو هێزەکە لەسەر رووبارێکی بچووك بەناوی(گرانیکۆس)[12]رووبەڕووی یەك بوونەوە[13]. هەخامەنشیەکان بەرلەوەی هێرشیان بکرێتەسەر زۆر متمانەیان بەخۆیان بوو، جەنگاوەرانی ئەسکندەریش لەبارودۆخێکی باش و چالاکدابوون. چونکە زۆر نەڕۆیشتبوون و ماندووی رێگا نەببوون[14]. شەڕێکی قورس روویدا لەنێوان سوپای مەقدۆنی و سوپای هەخامەنشی لەئەنجامدا هەخامەنشەکان شکستیەکی گەورەیان هێنا[15]ئەمەش یەکەم سەرکەوتن بوو کە ئەسکەندەر لە ئاسیای بچوك بەدەستی هێنا[16].

---

(10) محمد علی عبدالله: شەڕگۆگەمێلا (ئەربیلا) 331پ.ز،چ. سلێمانی 2010، ل104.

(11)سامی سعید الاحمد ورضا جواد الهاشمی، 16-سامسعیدالاحمد , رضاجوادالهاشمي : تأريخالشرقالادنىالقديمايرانوالاناضول ,ص 387.

(12)ڕووبارێکە دەڕژێتە دەریاچەی مەڕمەڕ وە ، دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای ئەنادۆل لە ســەرچاوە یۆنانیەکان بە گرانیکوس ناســراوە بڕوانە: سامی سعيد الاحمد ورضا جواد الهاشمي، م. س. ص، 127.

(13)آ. بتری: مدخلالىتأريخالاغريقوأدبهموأثارهم ,ت: يوئيليوسفعزيز, ب.م,ص 1977، ص 55.

(14)بدون مؤلف: الاسكندر فاتح العالم القديم، دار العلم للملاين بيروت ط1، 1970، ط2 1971، ص60.

(15)هارڤی بورتر: موســوعة مختصــر التأريخ القديم، ط1 مكتبة مدبولي القاهرة 1991، ص 291. هەخامیشــەکان پێیان وابو ســەردەکەون چونکە هێزی زیادیان زۆر زیاتر بوو لە یۆنانیەکان، بە پێی ســـەرچاوەکان ژمارەیان نزیکەی (200) هەزار پیادەو (20) هەزار ســـوارە، زۆربەی پیادەکان یۆنانی بەکرێگیراو بوون ، بڕوانە ، م.ن.ص. 291.

(16)آ. بتري: م. س، ص 55.

## تەوەرەی دووەم: شاڵاوی ئەسکەندەر بۆ کوردستان و شەڕی بەناوبانگی گۆگامێلا:

دوای ئەوەی، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەسکەندەر توانی ئاسیای بچوك و وڵاتی میسر و فینیقیا بخاتە ژێر رکێفی خۆی، گەیشتە سنوورەکانی میزۆپۆتامیا. لێرەدا دارا لەوە ترسا هەرەس بێنێت دوای ئەو هەموو سەرکەوتنانەیمەقدۆنیەکان. بۆیە داوای رێکەوتن لەئەسکەندەر دەکاتبەڵام ئەسکەندەر داواکەی رەت کردەوە[17]. دارا زانی ئەسکەندەر گوێ ناداتە پێشنیارەکانی، هەستی کرد رووبەرووی جەنگ دەبێتەوە بۆیە سەرگەرمی ئامادەکاری شەڕبوو، بڕیاری داکەلەبابل کۆببنەوەو فەرمانی بە (بەسوس)ی والی باختریا کرد کە بە ئوردوی خۆیەوە پەیوەندی پێوە بکات، بەپێی سەرچاوەکان باختریایەکان لەو سەردەمە بەئازاترین کەسانی ئاسیا دەژمێردران[18]. هەروەها دارا داوای کرد پێداویستیەکان و کەل وپەلی جەنگ ئامادە بکەن زیاتر لەوەش بەبەردەوامی مەشقی بەسوپاکەی دەکرد[19]. دواتر ئەسکەندەر هەواڵی بۆ هات کەدارا، سەربازەکانی لەدەشتێکی فراوان سازداوە. بۆیە ئەسکەندەر پێشڕەوی کرد. ئاریان دەڵێت: ((توانی رووباری لیکۆس ببڕێت))،ئینجا سەربازگەیەکی دانا بۆ ئەوەی سوپاکەی پشویەك بدات.

## پێگەی شەڕەکە

گواگەمێلا[20]،بەپێی لێکدانەوەی لویس دیلمان ئەو دەشتەیە دەکەوێتە باکوری چیای مەقلوب[21]،نزیك گوندی (تەل گومەل)ی ئێستا، لەسەر رۆخی چۆمی گۆمەل[22]. ئەم شوێنەش لە شاری "ئەربێلا – هەولێر" نزیك بووە، کە دارا وەك بارەگای پشتەوەی لەشکرەکەی بەکاری هێناوە بۆ ئازوقەو تفاقی جەنگی تێدا کۆکردۆتەوە[23]

دارا لەجیاتی ئەوەی هەموو هێزەکانی خۆی لەنێوان دەشتاییەکانی نێوان دووزێ کۆبکاتەوە، کەدەیتوانی هەر لەوێدا دوژمنەکەی خۆی لەکاتی پەڕینەوە لەفورات تێك بشکێنێت،دەبینین بە پێچەوانەوە دوور دەکەوێتەوەو بابل بەجێ دەهێڵێت و بەرەو هەولێر دەکەوێتە رێ پردێك لەسەر زاب درووست دەکات، هەشتا(غلوه) بەپیش دەکەوێ و لەکەناری زاب دا شوێنی خۆی دەستنیشان دەکات. کاتێك ئەسکەندەر هێرشی بردە سەر دارا، دیجلە لەدەستە راستی بوو و چیای(قردوو)ش لەدەستە چەپی، جەنگاوەرەکانی خۆی بەپێی هەواڵ و بەدیاریکردنی دوژمنەکەی ئاراستە دەکرد و

---

(17)بلوتارك: فلوطرخوس: السـير,ت: جرجيسـفتحالله, مطبعةوزارةالتربية, جزء،3 اربيل 2005، ص 1282؛ جون جنتر:الاسـكندر الاكبر, ت: فاروق حافظ القاضـي, مراجعة وتقديم: نجيب محمود, مؤسـسـةفرانكلينللطباعةوالنشـر, قاهرة – نيويوك , 1963 . مكتبةالانجلوالمصـريةل 102.

(18)حسن پيرنياه : تاريخ ايران باستان، ياتاريخمفصلايرانقديم,چاپهشتم, دنيانكتاب, چاپخانەپيكايران,(تهران: 1381, جلددوەم، ص 1227.

(19)عبدالعظيم رضائى: گنجينەتأريخايران, هخامنشان , چ5 , انتشاراطلس ,چ1, 1378, چاپخانە: دفترنشرفرهنگاسلامى، ص 947- 948.

(20)گواگە مێلا : واتە (مناخ الجمل) ، (ژینگەی وشـتران) سـەرچاوەکان ئاماژە بە رووداوێك دەکەن کە لە کۆندا روویداوە ، لەو شـوێنە دەلێن یەکێك لە پاشاکانی فارس لەسەر پشتی وشترێکی خێرا رزگاری بووە لە دەست نەیارەکانی : بلوتارك: م. س، ص 1284.

(21) مەقلوب : چیایی مەقلوب دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شـــاری موصـــل ، بە دووری (20کم) لە رۆژئاوای ڕووباری خازر هەلکەوتووە و بەرزیەکەی (215) پێی یە ، ئەم چیایە بەرزترین چیایە لە نزیك موصڵ: جيمس بيكنغهام: رحلتى الى العراق سنة 1816، ج 1، ص 112.

(22)فواد جميل: حدياب أربيلا- عشتار- اربيلا، سومر، ع 1، 2، مج 26، ص 229. دڵگەش ابراهيم : شەڕی گواگە مێلا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب 3، 2009، ل 1035،

(23)محمد امين على عبدالله: س. پ، ل 145؛ حسن پيرنياە: ايران باستان: جلد دووەم، ص 1229، جيمس بيكنغهام: رحلتى الى العراق، جلد 1، ص 127.

بۆخۆشی 150 غلوە واتە 15 میل لێیان دووربوو[24]. بەڵام ئاریان دەڵێت گواگەمێلا لەنزیك رووباری بومادوس(خازر) هەڵکەوتووە. بەپشت بەستن بە نووسینەکان ئاریان و(کوینتس کورتیوس) [25]، سوپای ئەسکەندەر لەسوارەو پیادە پێك هاتبوو، سوارەکان و پاسەوانان لەباڵی راست بوون،(کلیتس بیداس) سەرکردایەتی دەکردن و سوپاکە لەئامادەباشی دابوون، هەروەها بەباشترین شێوە ئەسکەندەر رێکی خستبوون.لەراستیدا ئەمەش رێڕەوی شەڕەکەی گۆڕی. پاش شەڕێکی قورس لەنێوان هەردوولا سوپای هەخامەنشی بە پلانێکی شەڕکەرانەی بەربڵاو هێرشیان کرد، بۆ ئەوەی سوپای مەکدۆنی گەمارۆ بدەن، بەڵام ئەسکەندەر توانی کەلێنێك دروست بکات لەناو بەشە سوارەی سوپاکەی هەخامەنشی و لێکیان دابڕێت، ئەمەش بووە هۆی تێکچوون و شڵەژانی بارودۆخی سوپاکەو سوارەکان کە نەیانتوانی زاڵبن بەسەر بارودۆخەکە[26]. ئیتر توانی زیرەکانە سوپای هەخامەنشی لێك هەڵبوەشێنێ ئیتر بێ سەرو بەری کەوتە ناو سوپاکەوەو نەیانتوانی خۆیان رێکبخەنەوە[27].

داریوش ناچار بە هەڵاتن بوو. ئیتر خۆی و سوپاکەی بەرەو هەولێر رۆیشتن نیوەشەو گەیشتە ناو شارەکە بەفەرماندەکانی راگەیاند کە بەرەو ناوچە دوورەکانی ئێران دەڕوات بۆ جەنگی ئەسکەندەر لەشکرێك رێك بخات، بەم شێوەیە دارا لەهەولێر کەوتە رێ بەرەو ماد رۆیشتن. هەولێریش پاش ماوەیەکی کورت کەوتە دەست ئەسکەندەر[28]. بەم شێوەیە کۆتایی بەشەڕەکەهات بەسەرکەوتنی سوپای مەکدۆنی و شکانی سوپای هەخامەنشەکان.

---

(24)فەیسەڵ نورەدین دەباغ : شەڕی ئەربێلا (لە گەشتنامەکەی ئۆلقی)دا 1794- 1796 ، ئیسکلوپیدایای هەولێر ، چاپی یەکەم 2009، ل 1038.

(25)فلافیوس اریانس:ایامالاسکندرالکبیرفالعراق،ترجمة: فؤادجمیل, الطبعةالاولی, دارالوراقللنشر, بغداد2007، ص 14- 15؛ کلودیوس جیمس ریچ: گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820. و: محمد حمە باقی، هەولێر 2012، ل328.

(26) دڵگەش ابراهیم:شەڕیگواگەمێلا،ئینسکلۆپیدیابهەولێر،ب 3، 2009. ، ل 1035.

(27) دڵگەش ابراهیم: س. ث، ل 1037.

(28)ماریژان مولە ، س. پ، ل 288.

## تەوەرەی سێیەم: رەوشی کوردستان و ئێران لەدوای هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی

بەکۆتایی هاتنی شەڕی گواگەمێلا، کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی هات . ئیتر ئەسکەندەر توانی دەست بەسەرگەنجینەکەی دارا دابگرێت لە هەولێر کە دە هەزار تالینت زێرو زیو مەزەندە دەکرا، پێویستە ئەو بابەتە فەرامۆش نەکەین کە هەرسێ فەرماندەی گەورەی سوپای ئەسکەندەر (پارمینۆ) (ئەرستۆ پۆلیس)،(سلوکس) کە خۆیان بەژداری جەنگەکان بوون. بەووتەی ئەوان لەوانەیە لەهەرسێ جەنگ و بەتایبەتی لە جەنگی ئیسۆس و گواگەمێلا بەشداربووی دارا بۆ خۆی یەکێك بووبێت لەهۆکارە سەرەکیەکانی شکستی هەخامەنشیەکان[29].گۆرانکاری گەورە لە میزۆپۆتامیا بەگشتی روویاندا،بەهەمان شێوەی بابل و ئاشوور. تەواوی ئەو ناوچانە مل کەچی سەروەری ئەسکەندەر بوو. لەپاش مردنی ئەسکەندەرو پاش دابەشکردنی سەروەت و سامانەکانی لە نێوان سەرکردەکانی ئەوەبوو هەرێمی حدیاب کە پایتەختەکەی هەولێر بوو کەوتە ژێر دەسەڵاتی سلوقیەکان دواتریش کەوتە ژێردەستی فرثیەکان[30].

بە ووتەی مێژوو نووسان نەخشەی ئەسکەندەر بۆ ئاشتی یەکجارەکی مەکدۆنی و هەخامنشەکان دانا. بە پێکهاتنی کۆمەڵە پەیوەندیەکی تازە کە ئەوانی لە یەکدی نزیك دەکردەوە[31]. لەبەرئەوە پەنای برد بۆ هاوسەرگیری سیاسی، ئەوەبوو سەرەتا خۆی ( رۆکسانە ) ی کچی (ئۆکسارتسی) فەرمانرەوای (سغد) ی خواست[32]. رۆکسانە زۆر خۆشەویست بوو لەلایەن ئەسکەندەر، بووە هۆی ئەوەی ئەم نەتەوانە بەبێ شەڕ ببنە هاوپەیمانی ئەسکەندەر[33].

دوای ئەوە سلۆقس زۆر کەوتبووە ژێرکاریگەری بیری ئەسکەندەر، بەهەمان شێوەی ئەسکەندەر کچێکی لە هەخامنشەکان خواست بەناوی (ئەفامیا)[34] یان (ئەپامە) کچی (پس تامن) سەرداری باختریابوو، کەسایەتیەکی بەهێز بوو، بەرگری یۆنانیەکانی کرد، بەرەنگاری ئەسکەندەر بۆوە تاکوژرا[35].

لەراستیدا مەسەلەی ژن و ژنخوازی تاکتیکێکی سیاسی بوو، ئەسکەندەر بۆ کردنەوەی جێ پێ ی خۆی لەناو گەلانی ناوچەکەو نەهێشتنی کۆسپەکانی سەر رێگایی و سەقامگیر مانەوەی دەسەڵاتەکەی پەیڕەوی کرد. بەڵام ناکرێ نکۆڵی لەوە بکەین هەموو ئەو شتانە بەلایەك و خودی هاوسەرگیری کەمانای دروست کردنی خێزان دەگەیەنیت، خێزانیش بنچینەی دروست بوونی کۆمەڵگاو دەبووە هۆی تیگەڵاوبوونی خوێنی و ئاشنایەتیو ئاوێتە بوونی کەلتورەکان. ئەگەر

---

(29)ماریژان موله : س. پ، ل 289.

(30)سوهەیلە مەجید ئەحمەد: هەولێر لەماوەی داگیرکاری ئەخمینی و سلوقیەکان: ئینسکلۆپیدیای هەولێر، 2009، ل1016.

(31)ماریزان مۆلە: س. پ، ل 260.

(32)بسام العسلي: الاسكندرالكبيرالمقدوني, (323-356ق.م), الطبعةالاولى,(د.م:1980)،، ص 85.

(33) أ. بتري: م. س، ص، 58، موريس درون: م. س، ص 278.

(34)نوبر كرامر: جيند راوس فى شمال غرب سوريا، ابحاث تاريخية و أثرية حول تاريخ الاستيطان في عصور الهلينية والرومانية و البيزنطة, ت: محمد سالم قدور, اعداد:آزاد حموتو, ب. م , ب. س,ص273.

(35)مری بویس وفرا نتزگرنر: تاریخ کیش زردشت، هخامنشیان،ترجمة:همایونصنعتزاده,جلد2, چاپ،اول،انتشاراتتوس، (تهران:1375), ص 11.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەردەوام بوایە نەوەیەکی گریکی رۆژهەڵاتی لێدەکەوتەوە[36]. کە بە پێی هەندێك سەرچاوەی مەبەستی لەم کارەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی جیهانی بوو[37].

## تەوەرەی چوارەم: کاریگەرییە ئەرێنییەکانی هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی

### ١. لە رووی کولتوری زمانەوانییەوە:

لە گرنگترین ئەنجامەکانی هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ رۆژهەلآت تێکەڵ بوونی شارستانیەتی خۆرهەڵات و خۆرئاوای لێکەوتەوە، کە بەردەوام لە ململانێ دابوون ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شارستانیەتیەکی نوێ لە دایك بێت کە بە شارستانیەتی هلینستی ناسرا.[38].ئەم شارستانیەتیە زیاتر لەسێ سەدە بەردەوام بوو، لەدوای ئەسکەندەری گەورە دەست پێ دەکاتتاکۆتاییدەسەڵاتی (کلیۆباترا) دوا پاشای فەرمانرەوای بەتالیسەکان وهاتنیدەوڵەتیرۆمانیلەسالی (31)یپ.ز[39].

لەرووی رۆشنبیرییەوە زۆربەی ئەو هەرێمانەی پێشتر لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی هەخامنشی بوون بە جیاوازی نەتەوەو رەگەز، گۆرانکاری گەورە روویداوە، بەتایبەتی لە زاراوە، چونکە زمانی فارسی کۆن زمانی فەرمی ئیمپراتۆریەتی هەخامنش بوو،[40]زمانێکی ئاسان بوو، نووسینی ئاسان بوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو نەتەوەکان بەیەك زمان. زۆربەی کات نووسراوەکانی پاشایەتی هەخامنش بە زمانی ، بابلی، عیلامی، خەتی بزماری دەنوسران [41]. وای لێهات زمانی یۆنانی جێگای هەموو ئەم زمانانەی گرتەوە.[42]ئەم زمانە یۆنانیە، شێوەزاری (ئەتیکە)، بوو بەزمانی زانست و شارستانیەت.[43]

یەکێك لەو ناوچانەش کە ئەم کاریگەرییەیان لەسەر دەرکەوتوە کوردستانە، وەك لە بەڵگەنامەکانی هەوراماندا دیارە. هەرچەندە هیچ زانیاریەك لەبەردەستدا نیە سەبارەت بە کوردستان لەلایەن ئەو نووسەرانەی کەلەگەڵ ئەسکەندەر هاتبوونە خۆرهەڵات و لەشکرەکە بە هەولێر و کەرکوك دا رۆیشتووە. بەڵام دوای ئەو ماوەیە زانیاری دەست دەکەوێت، بە تایبەت لە تۆمارە یۆنانی و رۆمانیەکان، دوای ئەوەی نیشتمانەکەیان بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی سلوقی. لەبەرئەوە جێگای سەرسورمان نیە کە زۆربەی ئەو پارانەی لەم ماوەیە لە کوردستان دا دۆزراوەتەوە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی

---

(36)محمدامین علی عبدالله: س. پ، ل 284.

(37)احمد فخری: دراسات فی تاریخ الشرق القدیم، مصر, العراق، سوریا، الیمن، ایران، ب. م، ث. س، ص74.

(38) احمد فخری: دراسات فی تاریخ الشرق القدیم، مصر, العراق، سوریا، الیمن، ایران، ب. م، ث. س، ص74.

(39)أحمد محمد صبحي: في فلسفة الحضارة الاغريقيةو جامعة الاسكندرية, ب.س, ص 171.

(40)م. ن، ص 58، جیمس هنری برســتد: انتصــارالحضــارة, ت: احمدفخری, مکتبةالانجلوالمصــرية, قاهرة,ب.س، ص 266، ارنولد توينبی : تأريخالحضارةالهلينية ,ت: رمزبجرجس, مراجعة : صقرخفاجة , اعداد : محمدمحمدعناني .ب.م,2003 ، ص 189.

(41)طه باقر, فوزبرشید , رضاجوادالهاشمي :تأريخايرانالقديم .مطبعةبغداد – 1979 م: تاریخ ایران القدیم, ص 60.

(42)htt:llfrum. Egypt.com larforumlshowthreadphp?t=56

(43)طه باقر: م.س, ص 416.

هلینیەکان. جاچ وێنەی ئەسکەندەریلەسەربێت یان پاشا سلوقیەکانی جێنشینەکانی ئەسکەندەر. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو بەڵگانامانەن کە لە ناوچەی هەوراماندۆزراوەتەوە, مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی پ. ز[44].

پرۆفیسور (مینس) دەگێرێتەوە، ژمارەی ئەم جۆرە نووسراوانە کەلە هەورامان دۆزراونەتەوە زۆر بوون، بەڵام تەنها سێ پارچە نووسراومان دەست کەوتووە، ئێستاش لە مۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراون. بابەتی هەرسێ پارچە نووسراوەکان (کرێ نامە و کرین و فرۆشتنی) چەند رەزێکە لە ناوچەی هەورامان دا.

بەڵگەنامەکانی هەورامان گرنگی گەورەی هەیە بۆ تێگەیشتن لە گۆرانە ئابوری و کارگێری و کۆمەلآیەتی و فەرهەنگییەکان لە کوردستان و ئێران لەسەرەمی سلوقییەکاندا، لەبەر ئەوە ئەو ناوانەی کە ئاماژە بە شوێن و کەس و لادێ دەکات لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، بێ گومان چەند ناوێکی ناوچەیی وولآتی کوردەوارین لە سەدەی یەکەمی پێش زاینی دا شێوەیەك لە شێوەکانی زمانی کوردی بەکارهاتووە لەو ناوچەیە کەمێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی 11،22،88 ی پ. ز، بەپێی بەراوردکردنیان بەو ساڵە یۆنانیانەی کەلە سەر دەست نووسەکان تۆمارکراون. بێ گومان لەرێی ئەم ناوانە دەتوانین بگەینە واتا بنچینەکانیان[45].

**٢. سودوەرگرتنی یۆنانییەکان لە شارستانیەتی ناوچەکە**

پەیوەندیگرتن لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری لەبیروکرداری ئاینی یۆنانیەکان دا هەبوو، یۆنانیەکان خواکانی خۆیان وەکو زیوس بەخودای باڵا دەچواند وەکو خواوەندی ئامون، بعل، مەردۆخ. . . . هتد. خواوەندی تریشیان هێنایە ناو پێکهاتەی خواکانی خۆیان. بۆ نمونە(ئیزیس) خواوەندی میسر لەجیهانی هلینستی و رۆمیش دەپەرسترا، لەبەرئەوەی بڕوایان وابوو کەلە چارەنووس دا باڵادەستترە، لەبەر ئەوەی لەپلەی باڵاتری خواکانی یۆنانی قەراری گرت. هەروەها پەرستنی(میترا)ی ئێرانیش رووی کردە رۆژئاواو لەئەنادۆڵ پەرسترا وتا ئیتاڵیش رۆیشت. وای لێهات لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دا بوویە بوو بەکێبڕکێ کارێکی ترسناکی ئاینی مەسیحی[46].

لەلایەکی ترەوە، ئەو زانایانەی کە لە یۆنانەوە هاتبوونە ئێران نەك تەنها نەخشەکانی جوگرافیان راست کردەوە بەڵکو بەشێك لەو درەخت و گیایانەی کە لە یۆناندا نەبوو لە ئێران ناسیان و هەندێك لەوانەیان بردو بۆ یۆنان. یەکێك لەو گیایانە(ترباتین) بوو کە یۆنانیەکانیان بینیان لەم گیایە جەوهەرێکی بۆن خۆش دروست دەبێت هەروەها گیای (کەتیرا) هەروەها گیای (تازە فوتیدا) کە لە ڕیشەی ئەم گیایە مادەیەك بەدەست دێت فایدەی پزیشکی هەیە هەروەها گیای گەز کە مادەیەکی شیرین و بۆن خۆشیان لێ دەگرت وەك شیرینی هەنگوین. هەروەها کاهووەکانی ئێران یەکێکی تر بوون لەو گیایانە کە سەرنجی یۆنانیەکان راکێشا لەوانە کاهو بەهۆی یۆنانیەکانەوە لە ئێرانەوە بۆ ئەوروپا گواسترایەوە[47].

(44)جمال رشيد أحمد: ظهور الكورد فى التأريخ. دراسه شامله عن خلفية الأمه الكردية ومهدها، جزء 1، اربيل 2003، ص 248،249.

(45)جمال رشد أحمد: لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وولآتی کوردەواری ، ل 261-263.

(46)محمدأمين على عبدالله: س. پ، ل ل 354 – 355.

(47)هارولد لمپ: س پ ,ل 147،148.

## تەوەرەی پێنجەم: کاریگەری نەرێنی هێرشی ئەسکەندەر و سەردەمی سلوقی

### 1. لەرووی ئایینیەوە

رەنگە نەرێنیترین ئاکامێکی هێرشی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆسەر کوردستان و ئێران لە بواری ئایینیدا رەنگی دابێتەوە. توێژەری فەرەنسی (هانری بێر) سەردەمی سلوقیەکان بەسەردەمی هەرە سەخت و دژوارەکانی ئایندا دادەنێت.ئەسکەندەر لەو رۆژەوە کە هاتە ئێران لە هەوڵی لە نێوبردنی وەچەی ئێران و گۆرینی بۆ وەچەی یۆنان بوو، دوو رێگری لەبەردەم داهەبوون، یەکێکیان زمانی ئێرانی، ئەوەی دیکەیان ئاینەکەیان بوو، ئەسکەندەر لە هەوڵی ئەوەبوو ئێرانی بکاتە یۆنانی ئەمەش ئامۆژگاری ئەرستۆی مامۆستایی بوو بۆ ئەسکەندەر، کە لە جیهان دا پێویستە یەك زمان و یەك ئاین و یەك یاسا هەبێت ئەویش یۆنانیە.[1]

لەم بارەیەوە دەڵێت: پاش ئەوەی سلوقس نیقاتورو جێنشینەکانی پاشایەتیان لەئێران کرد، دانیشتوانی ئیرانیان ناچار کرد کەخواوەندی یۆنانی بپەرستن، یان دەبوایە باج و سەرانە بدەن، هەروەها گریمانی ئەوە دەکرێ کە یەکەمجار باج و سەرانە لەیۆنانیەکان وەرگیراوە لەشوێن کەوتوانی ئاینێك کەلەئێران برەوی سەندووە. بۆیە هەر ئێرانیەك ناچار دەکرا کەساڵانە بڕە پارەیەك بداتە پاشای سلوقی تابتوانێت سروتە ئاینیەکانی خۆی جێبەجێ بگەیەنێت[48].

بەلآم کارەساتی هەرە گەورە ئەمە نەبوو، بەڵکو دژایەتیکردنی راستەوخۆی ئاینی زەردەشتی بوو، هەر لە سەرەوبەری هێرشی ئەسکەندەر خۆیەوە. جێگای ئاماژە پێکردنە سیاسەتی مامەڵەکردنی نەرم لەگەڵ ئاینەکان وەك ئەوەی لەبابلو میسر ئەنجامی دا لەلایەن ئەسکەندەرو گریکەکان لەهەموو شوێنێك وەك یەك نەبوو. بەتایبەتی لەگەڵ زەردەشتیەکان و سوتانی کۆشکی پەرسیپۆلس کە بەشوێنێکی پیرۆز دەژمێردرا[49].

هەوڵی ئەسکەندەر بۆ لەناوبردنی کتێبی(ئاڤێستا)ی پیرۆزی زەردەشتییەکان، گەورەترین زەبربوو کەبەدرێژایی مێژووی خۆی بەریکەوت. کاتێك دەستی گرت بەسەر کتێبخانەی شاهەنشاهی ئێران، بەرگەکانی ئاڤێستا تیایدا پارێزراو بوون، هەموویانی لەگەل بەڵگەنامە نوسراوەکانی تردا سوتاند جگە لەبەشێکی نەبێت هەمووی لەناوچووە هەشتاو سێ هەزار ووشەی بەشە سووتاوەکان تا کۆتایی دەسەڵاتی سلوقی لەسینگی پیاوە ئاینیەکان هەڵگیرا[50].

(1)ماریژان مۆڵە: س.پ ،313.

(48)ماریزان مؤلە: س. ث، ل (356، 357)

(49)محمدأمین علی عبدالله: س. پ، ل ل 349- 350

(50)مسعود محمد: لسان کرد، (بغداد 1987)، ص 15.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

پیاوە ئاینیەکانی زەردەشتی بڕوای تەواویان هەبوو، کە ئەسکەندەر سەراپا بە ئەهریمەن پەیوەستەو دەبوو خانەدانانی ئێران وەك پیاوانی زەردەشتی هەمان هەڵوێستیان هەبوایە، بەڵام بەرژەوەندی تایەبتی بەشێك لەو پیاوانەی والێکرد لەگەڵ ئەسکەندەر بمێننەوە بۆ پاراستن و مانەوەی پلەوپایەیان[51].

نەهامەتی زەردەشتییەکان هەر بەمە کۆتاییی نەهاتوە. وەك زانراوە ئاڤێستا لە سەردەمی هەخامەنشیدا دوو دانەی سەرەکی هەبوو؛ یەکێکیان لە پەرتوکخانەی کۆشکی پەرسیپۆلس و ئەویدیکەیان لە پەرتوکخانەی ئاتەشکەدەی (چیچەست) بوو، بەڵام پەرتوکەکانی پەرتوکخانەی چیچەستیش لەلایەن یۆنانیەکانەوە سووتان و ئاڤێستاکەی ئەوێش سووتا. دوای ئەوە ئێرانیەکان چی دی پەرتوکی ئاینیان نەبوو، تەنیا سوودیان لە بیری ئەوکەسانە وەردەگرت کە ئاڤیستایان خوێندبۆوە، یان هەندێ لە بەشەکانیان لە بیرمابوو[52].

### ٢. لە ڕووی کارگێڕی و ئابورییەوە:

هەموو دەستکەوتەکانی ئەسکەندەر کە لە سوسەو بابل بەدەستی هێنابوو بوو بەمولکی جێنیشینەکانی . ئەوەی لە گەنجینەی ئەسکەندەر کەوتە دەست ئەوان بۆ ئەوان کەم بوون، لەشکرەکانیشیان خەرجیان پێویست بوو بۆیە ناچار بوون خەرجی ئەفسەرو سەربازەکان بە ئەستۆ وەبگرن. بۆ ئەم مەبەستە تاڵان کردن خێراترین و ئاسانترین ڕێگابوو بە دەستهێنانی سەرمایە. بۆیە هەریەکە لەسەردارەکان لەو شوێنەی لێی بوون کەوتنە تاڵان کردن، مەبەستی یەکەمی ئەوان زێرو زیو بوو، هەرکەسێك چەندی زێرو زیو هەبوایە لێیان دەستاند بۆیە خەڵك لەترسی ستەمکاران زێرو زیوەکانیان لە قوڵای لە ژێر زەوی دەشاردەوە. ئەو کەسانە بەزۆری پارەیان لە خەڵك دەستاند، ئینجا دەیانزانی ئاگاداربوون ئەوان سامانەکانیان لە کوێ دەشاردنەوە، هەربۆیە ستەمکاران لە رادەبەدەر ئەشکەنجەی دەوڵەمەندو خاوەن سامانەکانیان دەدا تا شوێنی پارەو زێرو سامانەکانیان پێبڵێن[53].

(51)مری بویس:,تأریخ کیش زرتشت، هخامنشیان، ج2، ص 418.

(52)ماریژان مۆلە: س.پ، ل 314.

(53)ماریژان مۆلە: س.پ، ل 247.

## دەرئەنجام

شاڵاوی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆسەر رۆژهەڵت، وەرچەرخانێکی گەورەی مێژوویی بوو. سەرکەوتنی گریکەکان لەم لەشکرکێشیە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی ئەسکەندەر و تەکتیك و هونەری جەنگی و لێهاتووی و سل نەکردنەوەی لەهەموو شەڕەکان هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئیمپڕاتۆڕیەتی گەورەی هەخامەنش،کە ماوەی زیاتر لە دوو سەدە دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی جیهانی کۆندا هەبوو بەماوەیەکی کورت لەلایەن ئەسکەندەرەوە رووخا.

-لەئەنجامی شاڵاوی ئەسکەندەر بۆ خۆرهەڵات ماناکانی شارستانییەت گۆرانیان بەسەرداهات، بەتایبەت کە بەتێکەڵبوونی شارستانیەتی خۆرهەڵات و خۆرئاوا شارستانیەتی هلینیستی دروست بوو.

ئەم قۆناغە بۆ کوردستان و ئێران کۆمەڵێك گۆڕانکاری سیاسی، کارگێڕی و لەوانەش گرنگتر فەرهەنگی لەگەڵدا بوو.. ئەمە قۆناغی قەبوڵکردنی هزری ئەوانیتر و بەخشینی کولتوری نێوخۆیی بوو پێی. لە ئاکامدا، چیتر ئەویتری رۆژئاوایی وەك نامۆیەك نەمایەوە و زانستەکەی بەخۆماڵی کرا.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردیەکان**

1- جمال رشید أحمد: لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وولاٌتی کوردەواری، بەغدا 1988.

2- دڵگەشابراهیم: شەڕیگواگەمێلا،ئینسکلۆپیدیاىهەولێر،ب 3، 2009.

3- دڵگەشابراهیم: ئەسکەندەرىگەورەلەمێژوودا،گۆڤاری21k،ژ: 12،2011.

4- سوهەیلە مەجید ئەحمەد: هەولێر لەماوەی داگیرکاری ئەخمینی و سلوقیەکان: ئینسکلۆپیدیای هەولێر، 2009.

5- فەیسەڵ نورەدین دەباغ: شەڕی ئەربێلا(لە گەشتنامەکەی ئۆلڤێ)دا 1794-1796ز، ئیسکلوئیدیای هەولێر، چاپی یەکەم 2009.

6- محمدامین علی عبدالله: شەڕی گۆگە مێلا (ئەربیلا) 331پ.ز،چ. سلێمانی 2010.

7- هارولد لمب: ئەسکەندەری مەکدۆنی, و: علی اکبر مجیدی, چ1, سلێمانی 2006.

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

8- آ. بترى : مدخل الى تأريخ الاغريق وأدبهم وأثارهم ,ت: يوئيل يوسف عزيز, ب.م,ص 1977.

9- ارنولدتويبني: تأريخالحضارةالهلينية, ترجمة: رمزىجرجس, مراجعة : صقرخفاجة , اعداد : محمدمحمدعناني ب.م,2003 .

10- احمد فخري: دراسات في تأريخ الشرق القديم , مصر والعراق – سوريا_ اليمن- ايران ,ب.م,ب س.

11- أحمدمحمدصبحي: فيفلسفةالحضارةالاغريقيةوجامعةالاسكندرية, ب.س.

12- بلوتارك –فلوطرخوس: السير,ت: جرجيس فتح الله, مطبعة وزارة التربية, جزء،3 اربيل 2005.

13- بدون مؤلف: الاسكندر فتح العالم القديم , دار العلم للملاين بيروت ,ط1, 1970,ط2, 1971 .

14- بسام العسلي: الاسكندر الكبير المقدونى, (323-356ق.م), الطبعة الاولى,(د.م:1980).

15- جابرخليلابراهيم: منطقةالموصلفيفترةالاحتلالاجنبى،الاخمينوالسلوقنوالفرثي،موسوعهالموصلالحضارية, الموصل 1991, مج 1.

16- جيمس بيكنغهام: رحلتى الى العراق سنة 1816,ترجمة, سليم طه التكريتى، مطبعة،اسعد،بغداد 1968,الجزء الاول.

17- جونجنتر : الاسكندرالاكبر ,ت: فاروقحافظالقاضى , مراجعةوتقديم ,نجيبمحمود , م, مؤسسةفرانكلينللطباعةوالنشر, قاهرة – نيويوك , 1963 . كتبةالانجلوالمصرية.

18- جمال رشيد أحمد: ظهور الكورد فى التأريخ. دراسه شامله عن خلفية الأمه الكردية ومهدها، جزء 1، اربيل 2003.

19- سامى سعيد الاحمد , رضا جواد الهاشمي : تأريخ الشرق الادنى القديم ايران والا ناضول ,ب .م , ب .س .

20- طه باقر , فوزى رشيد , رضا جواد الهاشمي :تأريخ ايران القديم .مطبعة بغداد – 1979 م .

21- على عكاشه , شحادة الناطور , جميل بيضون : اليونان والرومان دار الامل للنشروالتوزيع ,اربد 1991 م , ط 1 .

22- فليپ حتى: موجز تاريخ الشرق الادنى، ت : انيس فريحه، دار الثقافة,



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

23- 0فلافيوس اريانس: ايام الاسكندر الكبير فى العراق,ترجمة: فؤاد جميل, الطبعة الاولى, دار الوراق للنشر, بغداد2007.

24- كلوديوس جيمس ريچ: گەشتنامەی ريچ بۆ کوردستان 1820. و: محمد حمه باقى، هەولێر 2012.

25- مسعود محمد: لسان الكورد،مطبعة الحوادث,(بغداد 1987).

26- مفيد رائف العابد : دراسات في تأريخ الاغريق , جزء2 , حقوق للطبع والنشرمحفوضة دمشق , مطبعة الجديدة , دمشق، 1980.

27- نوبر كرامر: جيند راوس فى شمال غرب سوريا، ابحاث تاريخية و أثرية حول تاريخ الاستيطان في عصور الهلينية والرومانية و البيزنطة, ت: محمد سالم قدور, اعداد:آزاد حموتو, ب.ت.

28- هارفي بورتر : موسوعة مختصر التأريخ القديم ,ط1، مكتبة مدبولي, القاهرة 1991.

**مەوسوعە بەزمانی عەرەبی**

**سەرچاوە فارسیەکان**

29- حسن پيرنياه : تاريخ ايران باستان، يا تاريخ مفصل ايران قديم,چاپ هشتم, دنياى كتاب, چاپخانه پيك ايران,(تهران: 1381, جلد دوەم.

30- عبدالعظيم رضائي: گنجينه تأريخ ايران, هخامنشان , چ5 , انتشار اطلس ,چ1, 1378, چاپخانه: دفتر نشر فرهنگ اسلامى.

31- مرى بويس: تأريخ كيش زرتشت، هخامنشيان،ترجمة:همايون صنعتى زاده,جلد2, چاپ، اول، انتشارات توس، (تهران:1375).

**گۆڤارەکان**

32- فؤاد جميل: حدياب- اربيلا وعشتار – اربيلا: سومر, مج 25 , بغداد 1969, جزء 1, 2.

**سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:**

33- http://www.pau\fegha\i.org\index.php?page=books&chaper_i d=26&page_id=117



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034